# وەقایعی کوردستان

## ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٦١)  ساڵی دوازدەم  ٣٠ / نیسان /٢٠١٣ زایینی  ١٠/ گوڵان / ٢٧١٣کوردی  ٢٠ / جمادی دووەم / ١٤٣٤ کۆچی


## لەم ژمارەیەدا :

**161**


**بڕیارژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق** لا ١
ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای ( داینگە لە هەرێمی کوردستان )

**بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق** لا ٢
هەڵبژاردنی (د. احمد انور محمد) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی دەسپاکی لەهەرێمی کوردستان

**پەیڕەوی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ٣
پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچوان

**پەیڕەوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١٣
پەیڕەوەی قوتابخانەکانی بەهرەدارن

**بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١٩
تایبەت بە هەموارکردنی بڕیاری ڕەسمی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل

**فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ٢٠
یەکخستنی رسوماتی ( العلامات و البيانات التجارية )

**ڕێنمایی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٢٢
تایبەت بە کاری موختارەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی** لا ٢٦
ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە کردنی جگەرە و توتن و بەرهەمەکانی

**بڕیاری چەسپاندنی مافی زەوی و باخچەکان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** لا ٢٨
پارێزگا : هەولێر / قەزا : شەقڵاوە / ناحیە : هیران کەرت ٥٧ فریز

**بەیانی وەزارەتی داد ژمارە ( ٤ – ٥ – ٦ – ٧ )ی ساڵی ٢٠١٣** لا ٤٢

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣وەزارەتی ناوخۆ** لا ٤٤

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی کار و کارو باری کۆمەڵایەتی** لا ٤٤

**بەیانی ژمارە ( ٢٩-٣٠-٣١ – ٣٢- ٣٣ ) ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی** لا ٤٥



ناونیشان : هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد. .
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)
http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٦١) السنة الثانية عشرة ٣٠ / نيسان / ٢٠١٣ميلادي ١٠ / گولان / ٢٧١٣كوردي ٢٠ / جمادي الثاني / ١٤٣٤هجري

في هذا العدد:

161

قرار رقم (٢) لسنة ٢٠١٣ البرلمان كوردستان - العراق ص ٤٧
رفض المقترح بقانون ( دور الحضانة في اقليم كوردستان )

قرار رقم (٣) لسنة ٢٠١٣ البرلمان كوردستان - العراق ص ٤٨
أقرار انتخاب ( د. احمد انور محمد ) لمنصب رئيس هيئة النزاهة في أقليم كوردستان

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

نظام رقم (٢) لسنة ٢٠١٣ رئاسة مجلس الوزراء ص ٣

نظام رقم (٣) لسنة ٢٠١٣ رئاسة مجلس الوزراء ص ١٣

قرار لسنة ٢٠١٣ رئاسة مجلس الوزراء ص ١٩

أمر لسنة ٢٠١٣ رئاسة مجلس الوزراء ص ٢٢

تعليمات ٢٠١٣ وزارة الداخلية ص ٢٢

تعليمات رقم (٣) ٢٠١٣ وزارة الصحة ص ٢٦

قرار تثبيت حقوق للأراضي الزراعية ص ٢٨
محافظ : اربيل / القضاء : شقلاوه : الناحية : هيران قطعة ٥٧ فريز

بيان رقم ( ٤ - ٥ - ٦ - ٧ ) لسنة ٢٠١٣ وزارة العدل ص ٤٢

بيان رقم (٥) لسنة ٢٠١٣ وزارة الداخلية ص ٤٤

بيان رقم (٦) لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل و الشؤن الاجتماعية ص ٤٤

بيان رقم (٢٩ - ٣٠ - ٣١ - ٣٢ - ٣٣) لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة ص ٤٥

No.: 161 Date: April , 30 , 2013 Vol.: 12

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٠٣٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

## بـڕیـار
## ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٣

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو ،پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١٣/٤/١٥ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیاریدا بە :-

**یەکەم :** رەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای ( داینگە لە هەرێمی کوردستان ) .
**دووەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە لە ٢٠١٣/٤/١٥ کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

## بڕیار
## ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (٤) لەمادده(٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی١٩٩٢ی هەموارکراو.وبڕگەی (١) لە ماددەی (٦)ی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، پەرلەمانی کوردستان - عێراق لەدانیشتنی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١٣/٤/١٥ ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم :** بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی بەڕێز( د. احمد انور محمد ) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان کە (٧٥) دەنگی بەدەست هێناوە لە ئەسڵی دەنگەکانی نوێنەرانی پەرلەمان کە (١١١) ئەندامن .

**دووەم :** ئەم بڕیارە وەك پیادەکردنێك بۆ ماددەی ( شەشەم/ یەکەم ) ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١١ ،رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق دەکرێت .

**سێیەم :** ئەم بڕیارە لەرۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٢٤٠ لە ٢٠١٣/٢/٢٥**

پشت بەست بە حوکمی بڕگە (٣)ی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٣)ی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢) لە ١/٢/ ٢٠١٣ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ( پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان ) بەم شێوەی خوارەوە :

## پەیڕەوی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٣
## پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان

**ماددەی ( ١ ) :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیەتی کە لە بەرامبەریان هاتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پەیڕەوە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عیراق .

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلامەیەتی هەرێم .

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی هەرێم .

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی لە پارێزگاکانی هەرێم .

**پێنجەم:** بەساڵاچوو : هەرکەسێك تەمەنی لە ٦٠ ساڵ کەمتر نەبێت بۆ پیاو وە لە ٥٥ ساڵ کەمتر نەبێت بۆ ئافرەت وە پێویستی بە چاودێری کۆمەلایەتی هەبێت .

**شەشەم :** بەساڵاچووی پەککەوتە : هەر بەساڵاچوێك کە ناتوانێت بەدەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆی بچێت هەروەها بۆ بەجێ گەیاندنی پێداویستیەکانی و چاودێری کردنی پێویستی بەکەسێکە هەمیشە لەگەڵی بێت .

**حەوتەم :** ماڵی بەساڵاچوان : ئەو شوێنەی کە بۆ حەوانەوەی بەساڵاچووان دابین کراوە .

**ماددەی ( ٢ ) :**

### ئامانجەکان

**یەکەم:** پێشکەشکردنی چاودێری کۆمەلایەتی و تەندروستی و دەروونی و رۆشنبیری وکات بوێردن بۆ بەساڵاچووان

**دووەم :** کارکردن لە پێناو دابینکردنی پەیوەندی بەردەوام بۆ بەساڵاچووان لەگەڵ کەس وکار و هاوڕێیانی و دوورنەخستنەوەیان لەکۆمەڵ .

**سێیەم:** بەشدارکردنی بەساڵاچووان بۆ ئەوەی بێ هیوایی و هیچ ململانێیەکی دەرونیان بۆ دروست نەبێت وکاربکرێت بۆ پاراستنی کەسایەتی و شوێنیان لە ناو کۆمەڵگا وەك تاکێکی سەربەخۆ

**ماددەی ( ٣ ) :**

**ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان :**

**یەکەم:** دابینکردنی شوێنی نیشتەجێی شیاو و خۆراکی تەندروست و جل و بەرگی گونجاو .

**دووەم:** رەخساندنی کەشێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دروست .

**سێیەم :** دابینکردنی چاودێری تەندروستی گونجاو و بایەخدان بەپاك و خاوێنیان و پێشکەشکردنی ئامرازەکانی یارمەتیدەر پێیان .

**چوارەم:** دابینکردنی پێداویستیەکانی حەسانەوە و کات بەسەربردن و ئەنجامدانی گەشت و سەردانی مۆزەخانە و پارکەکان و ئاهەنگێران بە مەبەستی گەشەسەندنی پەیوەندی توند و باش لە نێوان سوودمەندان لە ماڵەکە .

**پێنجەم:** کردنەوەی کتێبخانە وشوێنی گونجاو بۆ ئەوەی بەساڵاچوان کاتەکانی ڕۆژانەی خۆیان تیایدا بەسەربەرن .

**شەشەم:** دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی گونجاو بۆ ئەوکارانەی دەگونجێت لەگەڵ تەمەن و باری تەندروستیان .

**ماددەی ( ٤ ):**

**وەزارەت ئەم کارانە لە ئەستۆ دەگرێت :**

**یەکەم :** کردنەوە و بەڕێوەبردنی ماڵەکانی بەساڵاچوان و سەنتەرەکانی رۆژانە لە پارێزگاکانی هەرێم .

**دووەم :** پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ماڵ بۆ کەرتی تایبەت .

**سێیەم:** پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ماڵی خێرخوازی .

**چوارەم:** سەرپەرشتی چاودێری کردنی هەموو ماڵەکان کە لە بەندی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) باس کراوە لەم ماددەیە .

**پێنجەم:** وەرگرتنی رسومات بە بڕی ( ٢٥٠٠٠٠ ) دوو سەدوپەنجا هەزار دینار بۆ پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی ماڵی بەساڵاچوانی تایبەت .

**ماددەی ( ٥ ) :**

**یەکەم :** مەرجەکانی وەرگرتن لە ماڵی بەساڵاچووان .

أ- عیراقی و دانیشتوی هەرێم بێت .

ب- شوێنی حەوانەوەی نەبێت .

ج- تەمەنی لە (٦٠) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ پیاو و (٥٥) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ ئافرەت .

د- نەخۆشی گواستراوەی نەبێت و پێویستی بە چاودێری پزیشکی و چارەسەری بەردەوام نەبێت .

**دووەم :** سەرەرای ئەو مەرجانەی سەرەوە ئەو کەسانەی ناتوانن خۆیان خزمەت بکەن لە ماڵی بەساڵاچوانی پەککەوتە وەردەگیرێن .

**ماددەی ( ٦ ) :** وەزیر بۆی هەیە :

**یەکەم:** بە ڕەچاو گرتنی پێویستی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی کەوا مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەییان هەیە لە هەرێم هەڵاوێر بکرێن لە خاڵی ( أ ) بڕگەی یەکەمی ماددەی ( ٥ ) .

**دووەم:** بەڕەچاوگرتنی باری (جەستەیی و کۆمەڵایەتی) بۆ ئەوەی هەڵاویردن بکرێت لە خاڵی (ب)ی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥) .

**ماددەی ( ٧ ) :**

**یەکەم:** لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێژنەیەك پێکدەهێنرێت لە بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچووان و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان دەرونی و فەرمانبەرێکی پزیشکی بۆ وەرگرتن ودابڕاندنی سوودمەندان

**دووەم:** پێویستە بڕیارەکانی لێژنەی سەرەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەسەند بکرێت .

**ماددەی ( ٨ ) :**

ئەگەر بەساڵاچوو تووشی نەخۆشی عەقلی یان نەخۆشی گواستراوە بوو وە پێویستی بە چاودێری و چارەسەری بەردەوام بوو دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی تایبەت لەسەر راسپاردەی پزیشکی ماڵی بەساڵاچووان وە ناگەرێتەوە ماڵەکە تاکو چارەسەر نەکرێت .

**ماددەی ( ٩ ) :** دابڕانی بەساڵاچوو لە ماڵی بەساڵاچووان :

**یەکەم :** ئەگەر هاتوو لەسەر ویستی خۆی ( بەنووسین ) بوو یان لەسەر داوای کەس و کاری دوای وەرگرتنی رەزامەندی بەساڵاچوو و لەسەر راسپاردەی توێژەری کۆمەڵایەتی و رەزامەندی لێژنەی وەرگرتن و دابڕان .

**دووەم :** ئەگەر بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ دابڕا لە ماڵ بەبێ پاساوی گونجاو .

**سێیەم :** ئەگەر سوودمەند لە ماڵ کێشە و گرفتی دروست کرد یەکەم جار ئاگادار دەکرێتەوە وە ئەگەر بۆ جاری دووەم بەردەوام بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە بێ بەش دەکرێت لە سوودمەندیەتی وە ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر ڕاسپاردەی توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی لیژنەی وەرگرتن و دابڕان مافی سوودمەندێتی نامینێ ( وە بە هەر حاڵ نابێت بەساڵاچوو دەربکرێت لە ماڵی بەساڵاچوان ئەگەر کەسوکاری نەبێت بەڵکو ڕێککاری سووك بەرامبەری وەربگیرێت لە کاتی دروست کردنی گیروگرفت لە ناو ماڵەکە)

**ماددەی ( ١٠ ) :**

**یەکەم :** ماڵی بەساڵاچوان هەمووپێداویستیەکانی سوودمەندان بەخۆرایی دابین دەکات لەشوێنی نیشتەجێ بوون وجل وبەرگ و خۆراك و خەرجی گیرفان و هەر پێداویستیەکی تر لەکاتی مانەوەی لە مالەکە .

**دووەم :** وەرگرتنی بەساڵاچووی خاوەن داهاتێکی جێگیر بە کرێیەکی مانگانە کە بڕەکەی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار دەبێت بەمەرجێك بڕی پارەی ماوە لەداهاتەکەی کەمتر نەبێت لە بڕە پارەی یارمەتی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی و مافی وەرگرتنی خەرجی گیرفانی نابێت کە لەبەندی (یەك) ی ئەم ماددەیە هاتووە .

**سێیەم :** ئەو سوودمەندەی یارمەتی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت یارمەتیەکەی دەبڕدرێت و هەموو پێداوستیەکانی لە بڕگەی (یەك)کە لەسەرەوە هاتووە بۆی دابین دەکرێت.

**ماددەی ( ١١ ) : ماڵی بەساڵاچوان پێکدێت لە :**

**یەکەم :**

أ. بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچوان:-بەرپرسە لەهەموو چالاکیە جۆراو جۆرەکانی ناو ماڵەکە ودەرەوەی وە ئامادەکردنی پلانی سەرەتایی بۆ ماڵی بەساڵاچووان و دانانی بەرنامەی کار بە هەموو وردەکاریەکانیەوە وە پێشنیار کردنی بودجەی ساڵانە و ڕێکخستنی ڕەوتی کارو چالاکیەکان دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێوان ستافی ماڵەکە و چاودیری جێبەجێ کردنی کار و ئەرکەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر چالاکیەکانی ماڵەکە و ئاستەنگەکانی کار و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردن و کەم کردنەوەی و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ ژمارەیەك فەرمانبەر و کارگوزار بەپێی میلاکی ماڵەکە .

ب. دوو یاریدەدەر هاوکاری بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچوان دەکەن یەکێکیان بەیانیان ئەوەی تر ئێواران.

ج. دەبێت بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچوان و هەردوو یاریدەدەر هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بە لایەنی کەم تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی یان دەرونی بێت و باشترە لە بواری چاودێری کۆمەڵایەتی کاریان کردبێت .

**دووەم:** نوسینگەی تویژینەوەی کۆمەڵایەتی دابنرێت کە ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتەوە ئەستۆ کە کارو ئەرکەکانی لە چوار چێوەی ڕێنمایی وەزارەت ڕێکدەخرێن :

أ- پێشوازی کردنی سوودمەندان و توێژینەوە لە باری کۆمەڵایەتیان بە مەبەستی پۆلین کردنیان .

ب- پێشکەشکردنی ئەو چاودێریە کۆمەڵایەتیانەی سوودمەند پێوستیەتی لە ماڵ و بەدواداچون بۆ دابین کردنی ئەم پێداویستیانە .

ج- دەستەبەرکردنی پەیوەندی لە نێوان سوودمەند و خێزانەکەی .

د- ڕێکخستنی ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانە لە سەر ڕەوشی سوودمەندان .

ه- پێشکەش کردنی چاودێری پاشینە بۆ سوودمەندان لە کاتی دەرچونیان بۆ ماوەی پێویست لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی پەیوەندی بە ماڵی بەساڵاچووان .

**سێیەم:** پزیشك و یاریدەدەری پزیشك بۆ چارەسەرکردن و پشکنینی رۆژانەی سوودمەندان .

**چوارەم:** هۆبەی کارگێری پێك دێت لە فەرمانبەرانی کارگێری ( خۆیەتی ، کۆگا، پرسگە ) .

**پێنجەم:** هۆبەی خزمەتگوزار : پێك دێت لە ( خزمەتگوزار، پاسەوان ، چێشتلێنەر ، چاودێر، بەرگدروو ، شوفێر ، سەرتاش ، دایەن ) .

**شەشەم:** کەسی خۆبەخش : بەپێی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی خزمەت گوزاری ماڵەکە بە ڕەزامەندی خۆی و لەسەر راسپاردەی توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی .

**ماددەی ( ١٢ ) :**

ماڵی بەساڵاچوان هەڵدەستێت بەم ئەرکانەی خوارەوە :-

**یەکەم:** دابینکردنی خۆراك و جلّ وبەرگ و کەل وپەل و پێداویستی تر بۆ سوودمەندان .

**دووەم:** لەسەر راسپاردەی پزیشکی پسپۆر خۆراکی تایبەت بۆ سوودمەند دابین دەکرێت .

**سێیەم:** دابینکردنی کەل وپەلی هاتوو لە (٢،٨،٩،١٠،١٣،٢٦،١) لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچ بەم پەیڕەوە پابەند بوون بە ژمارەی دیاری کراو لەوانەی دەناڵێنن بە دەست خەڵەفاوی و بیرچونەوە و کرداری نەویست ئەمەش لەسەر راسپاردەی لێژنەی وەرگرتن لە ماڵ .

**چوارەم:** ئەو کەل وپەلەی بەپێی خشتەی ژمارە (٢) کە هاوپێچە لە گەڵ ئـەم پـەیڕەوە بـە مـوڵکی سوودمەند هەژماردەکرێت .

**پێنجەم:** ئێشکگرەکان مافی ئەو خۆراکانەیان هەیە کە بۆ سوودمەند بڕیـاری لەسـەر دراوە بـەپێی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم پەیڕەوە .

**شەشەم:** دابینکردنی پێداویستیەکانی سوودمەندانیماڵەکانی بە ساڵاچووانی تایبەت و خێرخوازی لە خۆراك و جل و بەرگ و پێداویستسەکانی تر بەلایەنی کەم هاوشێوەی ماڵەکانی حکومی بێت.

**ماددەی ( ١٣ ) :**

خەرجی گیرفانی رۆژانەی بە بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار بۆ هەر سوومەندێك کـە وەرگـیراوە بـە خۆرایی لە ماڵی حکومی دابین دەکرێت .

**ماددەی ( ١٤ ) :**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە پێشکەش کردنی پشتگیری و ئاسانکاری بەپێی توانا بۆ ماڵەکانی بەساڵاچووان کە خێرخوازی یان وتایبەتن.

**ماددەی ( ١٥ ) :**

**یەکـەم** : دابـین کردنـی دەرماڵەیـەکی گونجـاو بـۆ فەرمانبـەران و کارمەنـدان کـە لەماڵـەکانی بە ساڵاچووان کار دەکەن بەپێی جۆری کارەکانیان بە هەماهەنگی وەزارەت لەگەڵ وەزارەتـی دارایی وئابووری .

**دووەم** : کاتەکانی دەوام کردن لەماڵەکانی بەساڵاچووان لەلایەن وەزارەتەوە ڕێکدەخرێت .

**ماددەی ( ١٦ ) :**

**یەکەم:** لێسەندنەوەی مۆڵەت لەلایەن وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی داوەتێ لەماڵـەکانی کـەرتی تایبەت و خێرخوازی لەکاتی سەرپێچی خاوەنەکانیان لەبڕیارەکانی هاتوو لەم پەیڕەوە یان ئەو ڕێنمایانەی دەرچوونە دوای ئەوەی دووجار ئاگادارکرابێتەوە وە خاوەن ماڵ بۆی هەیە تانە لە بڕیاری لێسندنەوە بکات لە دادگای تایبەتمەند بە پێی یاسا.

**دووەم:** مۆڵەت لێسەنراو مافی پێشکەش کردنی داواکـاری مۆڵـەت وەرگرتنـەوەی نیـە تـەنها دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر ڕێکەوتی لێسەندنەوەی مۆڵەتەکەی .

**ماددەی( ١٧ ) :**

**یەکـەم** : گۆرانکاری لەناوی ماڵی بەساڵاچوان و گواستنەوەی باڵەخانەی ماڵەکـە دەبێت تـەنها بـە ڕەزامەندی وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەلاتی داوەتیّ.

**دووەم** : دەستبەردان و گواستنەوەی خاوەندارێتی مـاڵی بـە ساڵاچـوان بـۆ کەسـێکی تـر تەنهابـە ڕێپێدانێکی نویّ بە پێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەبێت.

**ماددەی ( ١٨ ) :**

**یەکەم:** کار بەپەیڕەوی خانەکانی بەساڵاچوانی ژمارە(٤)ساڵی(١٩٨٥) ناکرێت.

**دووەم:** ڕێنمایەکانی خانەکانی بەساڵاچووانی ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠١٠) هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی( ١٩ ) :**

وەزیرلــەماوەی ٦٠ ڕۆژ ڕێنمــایی تایبــەت بــۆ ئاســانکاری جێبــەجێکردنی حوکمــەکانی ئــەم پەیڕەوەدەردەکات.

**ماددەی ( ٢٠ ) :**

ئەم پەیڕەوەلەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجیّ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) بلاّودەکریتەوە

**نێچیــرڤان بـارزانـــی**
**ســـەرۆکی ئە نجومەنـی وەزیـران**

**خشتەی ژمارە ( ١ )**
**شایستە بوونی رۆژانە لە خۆراك :**

| ژ | ناوی خۆراك | کێش بە گرام | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | نان یان سەمون | ٥٠٠ | |
| ٢ | پەنیر | ٤٠ | |
| ٣ | هێلکە | ٢ | ٢ دوو دانە |
| ٤ | شیر یان ماست | ١٠٠ | ١٠٠ شیر یان ٢٠٠ ماست |
| ٥ | شەکر | ٥٠ | |
| ٦ | چای | ٧ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | گۆشتی سوور | ٢٠٠ | دەکرێ هەموو یان بەشێکی قەرەبوو بکرێتەوە بە هەمان کێش لەگەڵ گۆشتی گۆلك یان مریشك یان ماسی |
| ٨ | برنج | ٢٠٠ | دەکرێ بگۆردرێت بە مەعکەرۆنە یان ساوەر یان نیسك یان ماش یان هەرشتە |
| ٩ | رۆنی روەکی ( زیت ) | ٤٠ | |
| ١٠ | دۆشاوی تەماتە | ٢٥ | |
| ١١ | سەوزە | ٣٥٠ | |
| ١٢ | میوە | ٣٠٠ | بەپێی وەرزەکان لە کاتی دەست نەکەوتنی ئەم میوانە شەربەتی دروست کراو لە گوشراوی میوە پێشکەش دەکرێت بە خەستی ٥٠ سم٣ لە جیاتی میوە یان ٢٥سم٣ شایستەی نیوەی برە میوەکە وە لە کاتی پێشکەش کردنی خورما وەك میوە ١٠٠گم لە جیاتی نیوەی بری شایستەی میوە یان شوتی ١٠٠٠گم یان ٧٥٠گم کاڵەك |
| ١٣ | سابون | ٤٠ | |
| ١٤ | سابونی جل شۆری | ٥٠ | |

تێبینی :

١. بەڕێوەبەری ماڵ بۆی هەیە خەرج کردنی بابەتی گرنگی خواردن باش کردن بەپێی بری زانراو وەك : پیاز ، بهارات ، خوێ ، خورمای هندی ، لیمون دزی ، قەیسی ، بادەم ، نیشاستە ، ئارد ، راشی ، شـەکری ، زیادە ، بۆ محەلەبی و کاستر ، سرکەی سروشتی و هی تر . هەروەها دەکرێت بەڕێوەبەر ٥٠گم برنج خەرج بکات لە کاتی چێشت لێنانی هەندێك خواردن کە برنجی تێدا بەکاردێت وەك کوبەی حەلەبی و برنج و شیر

٢. دابین کردنی گازی شلە یان نەفتی سپی لە چێشتخانە یان بۆ گەرم کەرەوە بەپێی پێویـست وە نرخەکـەی دەدرێت بە پێی نرخی رۆژانە .

٣. بری شایستە بوون لەم خشتەیە بەرزترین برە دەکرێت لەم برانە کەمتر دابین بکرێت بە پێی راسپاردەی پزیشکی ماڵ .

**خشتەی ژمارە ( ٢ ) :**

**شایستە بوونی ساڵانەی جل و بەرگی هەر تاکێك لە ماڵی بەساڵاچووان**

| ژ | ناوی پۆشاك | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ماکسی یان بێجامەی هاوینی | ٤ | |
| ٢ | ماکسی یان بێجامەی زستانی | ٤ | |
| ٣ | کراسی ژنان | ٢ - ٤ | یان جلی کوردی |
| ٤ | قاتی زستانە بۆ پیاوان | ١ | یان جلی کوردی |
| ٥ | قاتی هاوینە | ٢ | یان جلی کوردی |
| ٦ | شەرواڵی هاوینە | ١ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | کراس | ٣ | |
| ٨ | بلوزی زستانە | ٢ | |
| ٩ | فانیلە | ٣-٦ | یان ژێر کراس بۆ ئافرەتان |
| ١٠ | جلی ژێرەوە | ٣-٦ | |
| ١١ | حەفازە | ٢-٤ | بۆ پەککەوتە ٢-٤ بەپێی پێویست بۆ هەر رۆژێك |
| ١٢ | قایشی پێستی | ٢ | |
| ١٣ | کڵاو | ٢ | |
| ١٤ | قاپوت | ١ | یان قەمسەڵە |
| ١٥ | رۆبی زستانی | ١ | |
| ١٦ | پەشتەماڵ | ٤ | ٢ دوو دانەی بچوك و ٢ دوو دانەی گەورە |
| ١٧ | قاتی فانیلەی درێژی ژێرەوە | ٢ | |
| ١٨ | گۆرەوەی | ٦ | |
| ١٩ | فلچەی ددان | ٤ | |
| ٢٠ | هەویری ددان | ١ | مانگانە |
| ٢١ | مەکینە و پێداویستیەکانی ریش تاشین | ـــ | دابەش دەکرێت لە کاتی نەبوونی سالۆنی سەرتاشی لە ماڵەکە |
| ٢٢ | لیفکە | ٤ | |
| ٢٣ | دەستە جلی وەرزشی | ١ | بەپێی پێویست |
| ٢٤ | پێڵاوی وەرزشی | ١ | بەپێی پێویست |
| ٢٥ | سۆل ( نعل ) | ٣ | |
| ٢٦ | پێڵاوی پێست | ٢ | |
| ٢٧ | فلچەی پێڵاو | ٢ | |
| ٢٨ | رۆنی و بۆیاغی پێلاو | ٤ | |
| ٢٩ | دەستە سڕ | ٤ | |
| ٣٠ | دەستەی جلی کارکردن | ١ | |

**تێبینی :**

١- ئەگەر بەپێویست زانرا دەکرێ کەمتر لەبڕی شایستەی دیاری کراو لەم لیستەی سەرەوە دابین بکرێت .

٢- دابینکردنی دەستەی جل و بەرگی کار و بەروانکە بۆ کارمەندانی ماڵەکە ٢ دوو دانەی هاوینی لەگەڵ ٢دوو دانەی زستانی لەگەڵ پۆتینێك بەپێی دانانی بەڕێوەبەری ماڵەکە .

٣- سوودمەندی وەرگیراو بە پارەی بڕی شایستەی دیاری کراو لەم خشتەیەی سەرەوە نایگرێتەوە تەنها بەرەزامەندی لێژنەی دیاری کراو لە ماددەی ( ٩ ) نۆی ئەم سیتەمە .

**خشتەی ژمارە ( ٣ ) :**

**کەل و پەلی دابینکراوی جێگیر بۆ سوودمەند :**

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | قەرەوێڵەی ئاسن | ١ | یان دار |
| ٢ | دۆلابی جل و بەرگ | ١ | |
| ٣ | دۆشەك ئیسفەنج | ١ | یان لۆكە |
| ٤ | سەرین ئیسفەنج | ٢ | یان لۆكە |
| ٥ | بەرگی سەرین | ٤ | |
| ٦ | چەرچەفی گەورە | ٤ | |
| ٧ | بەتانی | ٣ | ماوەی بەسەرچوون ٢ ساڵ بەپێی پێویست |
| ٨ | کەل و پەلی خواردن و خواردنەوە | -- | ناتوانرێت ماوەی لەکار کەوتنی دیاری بکرێت بەڵکو دەبێت بەپێی پێویست دیاری بکرێت |
| ٩ | کەل و پەل و قاپ و قاچاغی ناو چێشتخانە | -- | |

**تێبینی :**

١- بەڕێوەبەری ماڵ بۆی هەیە چەرچەفەکان بگۆڕێت لەسەر ڕاسپاردەی نووسینگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی .

٢- دابینکردنی پێداویستیەکانی ماڵی بەساڵاچووان لەگەڵ و کەل و پەلی خواردن و خاوێن کردنەوە و پاککردنەوە بەپێی پێویست .

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٣٧٦٨ ) لە ٢٠١٣/٤/٢٤**

پشت بەست بە حوكمی برِگە (٣) ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٣) ی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی كوردستان ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە كۆبوونەوەی ژمارە (١٣) لە ٢٠١١/٩/٢١ برِیاریدا بە دەرچوونی ( پەیرەوەی قوتابخانەكانی بەهرەدارن ) بەم شێوەی خوارەوە :

## پەیرِەوی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٣
## پەیرِەوەی قوتابخانەكانی بەهرەدارن

**ماددەی ( ١ ) :**
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم پەیرِەوە :
**یەكەم :** هەرێم : هەرێمی كوردستان – عێراق
**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی پەروەردەی هەرێم
**سێیەم :** دەستە : دەستە چاودێری بەهرەداران
**چوارەم :** قوتابخانە : قوتابخانەی بەهرەدارن
**پێنجەم :** بەهرەداران : ئەو خۆیندكار و قوتابیانە كە ئاستی زانستی و خوێندنیان زۆر بەرزە ، و توانای داهێنانیان هەیە ، ولە تاقیكردنەوەی تایبەتی وەزارەت دەردەچن .

**ماددەی ( ٢ ) :** ئامانجەكانی ئەم رێنمایە :-
**یەكەم :** رەخساندنی ژینگەیكی گونجاو بۆ بەهرەداران و هاندان و چاودێری كردنیان بۆ بەردەوام بوون لە سەر پێشكەوتنی تواناكانیان لە خوێندن .
**دووەم:** هاندانی روحی داهێنان لای بەهرەداران .
**سێیەم :** رەخساندنی هەلی گونجاو بۆ بەهرەداران بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندن لە شوێنی گونجاو لە قوناغەكانی تر .
**ماددەی ( ٣ ) :**
**یەكەم :** دەستەیەك لەناو وەزارەت پێك دەهێندرێت بە ناوی( دەستەی چاودێری بەهرەداران)وە پێك دێت لە :-
١- وەزیری پەروەردە : سەرۆك .
٢- ب.گ.ف. ئامادەیی و پیشەیی : جێگری سەرۆك .

٣- بەڕێوەبەرانی گشتی ( فێرکردنی ، بنەرەت ، ئەزمونەکان ، پرۆگرام ، پلان دانان ، سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی و دلنیای جۆری ) : ئەندام .

٤- نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا ( بە مەرجێك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت ) : ئەندام .
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پارێزگاکان بۆکاروباری تەکنیکی : ئەندام .

٥- بەڕێوەبەری خوێندنی نمونەیی و ئەهلی : بڕیاردەری لیژنە .

٦- دەستە بۆی هەیە میوانداری هەر کەس و لایەنێکی تر بکات کە پێویست بێت .

**دووەم: ئەرکەکانی دەستە :**

١- سەرپەرشتی کردنی زانستی و پەروەردەیی وکارگێڕی و دارایی قوتابخانەکان لەرێگەی پێك هێنانی لیژنەی پسپۆر .

٢- پەسند کردنی پلان و پرۆگرامەکانی خوێندن .

٣- پەسند کردنی بڕیارە پێویستەکانی لیژنەی ڕێك کاری و ئەنجومەنی مامۆستایانی قوتابخانەکان .

٤- بڕیاری کردنەوەی بەشەکانی وێژەیی و پیشەیی لە کاتی پێویست و دانانی پلانی پێویست .

٥- دانانی ڕێنمایی تایبەت بە :-

أ- پێوەرەکانی دەست نیشان کردنی قوتابی و خوێندکاری بەهرەدار .

ب- پاڵاوتنی قوتابیان بۆ تاقی کردنەوەی وەرگرتن لە قوتابخانەکان .

ج- تاقی کردنەوەکانی وەرگرتن .

د- تاقی کردنەوەکانی پۆلەکانی (٨ ، ١٠) .

هـ- دانان و لادانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەکان .

و- پێشنیاز کردن بۆ دابین کردنی کورسی خوێندن بۆ دەستەی کارگێڕی ومامۆستایانی ئەو قوتابخانانە لە چوارچێوە بنەماکانی خوێندن .

ز- میکانیزمی دانانی مامۆستایان و فەرمانبەران و دەست نیشان کردنی دامەزراندنیان لە قوتابخانە.

**ماددەی ( ٤ ) : ئەنجومەنی مامۆستایان**

**یەکەم :** لە هەر قوتابخانەیەك ئەنجومەنێك بە ناوی ( ئەنجومەنی مامۆستایان ) پێك دەهێندرێت کە باڵاترین دەستەڵاتەو ئەرکەکانی هەمان ئەرکەکانی ئەنجومەنی مامۆستایانە کە لە سیستەمی وەزارەت دیاری کراوە .

**دووەم :** بەرێوەبەری قوتابخانە سەرۆکایەتی دەکات و ئەندامێتی هەریەکە لە :

١- یاریدەدەری بەرێوەبەر ئەندام

٢- رابەرە پەروەردەییەکان ئەندام

٣- سێ لە مامۆستایانی میلاك ئەندام

٤- نوێنەرێکی مامۆستایانی وانەبێژ چاودێر

٥- نوێنەرێکی مامۆستایانی هاریکار چاودێر

٦- نوێنەرێکی ئەنجومەنی بەخێوکاران (سەمیان ) چاودێر

٧- نوێنەریکی قوتابی و خوێندکاران . چاودێر

**ماددەی ( ٥ ) :**

**پێکهاتەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە**

دەستەی کارگێری قوتابخانە پێك دێت لە :-

**یەکەم :** بەڕێوەبەر: لە ناو کۆمەڵێك داواکاران کەژمارەیان لە (٥) پێنج کەس کەمتر نەبێت هەڵدەبژێردرێن بەم مەرجانە :-

١- بەلایەنی کەمە وە هەلگری بڕوانامەی زانکۆ بێت .

٢- (١٥) ساڵ خزمەتی راستەقینەی هەبێت لە بواری پەروەردە .

٣- لە تاقیکردنەوەی تایبەتی وەزارەت پلەی یەکەمی بە دەست هێنا بێت .

**دووەم :** یاریدەدەری کارگێری : هەمان مەرجەکانی بەڕێوەبەری دەبێت جگە لە :

پێویستە پلەی دووەم بەدەست بێنی لە تاقی کردنەوەکانی بوون بە بەرێوەبەر .

**سێیەم:** یاریدەدەران بۆ کاروباری زانستی و خوێندکار و قوتابیان :-

١- بە تاقیکردنەوەیەك دیاری دەکرێن لە ناو ژمارەیەك داواکار کە لە (٥) داواکار کەمتر نەبێت و پێویستە خزمەتی فعلی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت .

٢- یەکەمی تاقیکردنەوەکە دەبێتە یاریدەدەری زانستی ، و دووەمی تاقیکرنەوەکە دەبێتە یاریدەدەری کاروباری خوێندکار و قوتابی .

٣- هەمان ئەرك و ئەو مافانەیان دەبێت کە لە پەیرەوی وەزارەت بۆ یاریدەدەری کاروباری قوتابیان هاتووە .

**ماددەی ( ٦ ) :**

قوتابخانەکان لە رووی سیستەم و چاودێری زانستی ڕاستەوخۆ دەبەسترێنەوە بە دەستەوە لە رووی هونەری دارایی و کارگێری دەبەسترێنەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا .

**ماددەی ( ٧ ) :**

قوتابخانە لە پۆلی حەوتەمی بنەرەتی دەست پێ دەکات تا پۆلی دوازدەی ئامادەیی .

**ماددەی ( ٨ ) :**

بابەتە زانستی یەکان و گفتوگۆ کردن بە زمانی ئینگلیزی دەبێت ، و زمانی خوێندنی بابەتەکانی تر دەستە دیاری دەکات .

**ماددەی ( ٩ ) :**

**دەوامی خوێندن بەم شێوە دەبێت** .

**یەکەم :** سالانە لە یەکەم رۆژی مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات و لەگەڵ کۆتایی وەرزی دووەمی خوێندن قوتابخانەکانی کوردستان کۆتایی دێت .

**دووەم :** هەفتە پێنچ رۆژ خوێندن بەردەوامە جگە لە رۆژانی هەینی و شەممە .

**سێیەم :** ڕۆژانی شەممە بۆ چالاکییەکان تەرخان دەکرێت .

**چوارەم :** هەفتەی (٣٥) وانە دەخوێندرێت ، (٧) وانە لە رۆژێك لە کاتژمێر (٨,٣٠)ی بەیانی تاکو (٢,٥)ی پاش نیوەڕۆ .

**پێنچەم:** کاتی وانەکان بە ڕێنماییەك دەردەچێت لە لایەن دەستە .

**شەشەم:** ئارەزوومەندانە لە پشووی هاوین چالاکی ئەنجام دەدرێن بەپێی پلانی دەستەی کارگێری قوتابخانە .

**ماددەی ( ١٠ ) :**

**یەکەم:** پرۆگرامی خوێندن هەمان پرۆگرامی گشتی هەرێمە بە شێوەیەکی فراوانتر و قولتر و لەگەڵ پێدانی ماددەی زێدەیی کە مفرەداتەکەی لە نێوان قوتابخانەکان دەستە و ژمارەی وانەکان لە حەفتەیەکدا بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت :-

١- پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم :- زمانی کوردی (٣) وانە ، زمانی عەرەبی (٣) وانە ، زمانی ئینگلیزی (٣) وانە ، بیرکاری (٥) وانە ، فیزیا(٣) وانە ، کیمیا(٣) وانە ، زیندەوەرزانی (٣) وانە ، مافی مرۆڤ (٣) وانە ، پ.ئایین (١) وانە ، کۆمپیوتەر(٣) وانە ، وەرزش(٢) وانە ، هونەر (٣) وانە .

٢- پۆلی دەیەم:- زمانی کوردی (٣) وانە، زمانی عەرەبی (٣) وانە، زمانی ئینگلیـزی(٤) وانـە ، بیرکاری (٥) وانە ، فیزیا(٤) وانە، کیمیا(٤) وانە، زیندەوەرزانی (٤) وانە، دیموکراسی ومـافی مرۆڤ (١) وانە، پەروەردەی ئایین (١) وانە، کۆمپیوتەر(٢) وانە، وەرزش (٢) وانە .

٣- پۆلی یازدەهەم ودوازدەهەم :-

زمانی کوردی (٣) وانە، زمانی عەرەبی(٣) وانە، زمانی ئینگلیزی(٤) وانە، بیرکاری (٥) وانە ، فیزیا(٤) وانە ، کیمیا(٤) وانە ، زیندەوەرزانی(٤) وانە ، پ.ئایین(١) وانە ، کۆمپیوتەر (٢) وانە ، وەرزش (٢) وانە، هونەر (٢) وانە ، ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی نێودەولەتی(١) وانە .

**دووەم :** پۆلەکانی (١٠، ١١، ١٢):-

پێویستە لەسەر خوێندکار/قوتابی سالانە توێژینەوەێکی زانستی لەسەر یەکێك لەوانە زانستیەکان پێشکەش بکات ،وە٢٠٪ نمرەی وانەکەی لەسەرە.

**ماددەی ( ١١ ) :**

**مەرجەکانی وەرگرتن**

**یەکەم:** دەرچوی پۆلی(٥) یان پۆلی(٦) بنەڕەتی بێت، لە خوێندنگایەکانی حکومی وئەهلی

**دووەم:** پلەی پێویست لەتاقیکردنەوەکانی تایبەت بە دەست بێنێت .

**سێیەم:** مەرجەکانی پالاوتنی تێدا بێت بۆ بەشداریکردن لەتاقیکردنەوەکان.

**چوارەم:** خوێندکارو قوتابی بۆی هەیە داوای وەرگرتن لە قوتابخانەکان بکات لە پۆلەکانی (١٠,٩,٨,٧) بەم مەرجانە:-

- تێکرای نمرەکانی لە وانە پسپۆریەکان و زمانی ئینگلیزی لەدواپین دوو سالدا لە ٩٦٪کەمتر نەبێت
- دەربچێت لە تاقیکردنەوەکانی کە دەستە دیاری دەکات.

**ماددەی ( ١٢ ) :**

ئەزمونەکان بەم شێوازەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت :-

**یەکەم:** سیستەمی کۆرسات پەیڕەو دەکرێت .

**دووەم:**

١- تاقیکردنەوەکانی گشتی پۆلەکانی (١٢,٩) لەلایەن وەزارەت ئەنجام دەدرێت .

٢- تاقیکردنەوەکانی پۆلەکانی(١٠,٨) تایبەت بە قوتابخانەکان لەلایەن دەستە بەرێوە دەچێت .

٣- تاقیکردنەوەکانی (رۆژانە،مانگانە،کۆتایی ،وەرزی) بەپێی پەیرەوەی وەزارەت بەرێوەدەچێت.

٤- پێویستە خوێندكارو قوتابی لە تاقیكردنەوكانی نێودەولەتی تایبەت بە پۆلەكانی(١٢) و لەسەر ئەركی وەزارەت بەشداری بكات .

٥- دەكرێت خوێندكار و قوتابی پۆلێك خێرا بكرێت بە پێشنیاری ئەنجومەنی قوتابخانە بڕیاری دەستەو لە ئەنجامی تاقیكردنەوەیەكی تایبەت و بە پرۆگرامێكی جیهانی ئاست بەرز .

**سێیەم:** لەم حاڵەتانەی خوارەوە خوێندكار و قوتابی مافی بەردەوام بوون لە خوێندن لە قوتابخانە لە دەست دەدات :-

١- ئەگەر نمرەی وانەیەك یان زیاتر لە تاقیكردنەوەكانی پۆلەكانی (١٠,٨) تایبەت بە قوتابخانەكان لە (٧٠٪) كەمتر بوو .

٢- ئەگەر تێكرای نمرەی وانە پسپۆریەكان و زمانی ئینگلیزی لە كۆتایی وەرزلە(٧٠٪) كەمتر بوو.

٣- بە بڕیاری ئەنجومەنی مامۆستایان و پاش پەسەندكردنی دەستە

**ماددەی ( ١٣ ) :**

وەزارەت و وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی تایبەت دەردەكەن بە دیاری كردنی بوودجەی تایبەتی ساڵانەی ئەو قوتابخانانە .

**ماددەی ( ١٤ ) :**

لایەنە پەیوەندارەكان دەبێت حوكمەكانی ئەم پەیرەوە جێ بەجێ بكەن .

**ماددەی ( ١٥ ) :**

كار بە هیچ دەقێك ناكرێت لە هەر ( پەیرەوێك ، یان ڕێنمایەك ، یان فەرمانێك ) هاتبێت كە پێچەوانەی ئەم پەیرەوە بێت .

**ماددەی ( ١٦ ) :**

ئەم پەیرەوە لە ڕۆژی بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) جێ بە جێ دەكرێت .

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆكی ئە نجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٣٦٤٨ لە ٢٠١٣/٤/٢٢**

## بڕیار

دوا بەدوای بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٦٤٠ لە ١٨ / ٣ / ٢٠١٣ و پشت بەست بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١٣ لە ٣ / ١٠ / ٢٠٠٢ و لەسەر پێشنیاری لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی ئەم سەرۆکایەتییە ژمارە ٢٥٦٥ لە ٢٠ / ١١ / ٢٠١٢ لە کۆبوونەوەی تایبەت لە ڕۆژی ١٥ / ٤ / ٢٠١٣ بڕیاردرا بە :-

**یەکەم:** هەموارکردنی خشتەی هاتوو لە بڕگەی (سێیەم) لە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٦٤٠ لە ٢٠١٣/٣/١ وە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەسمی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت و ڕەسمی تۆمارکردن چەند قات دەکرێتەوە لە کاتی تۆمارکردنی ئوتومبێلی سێیەم و چوارەم و یان زیاتر:

| ژ | جۆری ئۆتومبێل | بڕی ڕەسمی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل |
|---|---|---|
| ١ | سالۆن ٤ چوار پستن | ( ١,٠٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن دینار |
| ٢ | سالۆن ٦ شەش پستن | ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٣ | لاندکروزر ٦ شەش پستن و هاوشێوەکانی | ( ٢,٥٠٠,٠٠٠ ) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٤ | لاندکروزر ٨ هەشت پستن و هاوشێوەکانی | ( ٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار |
| ٥ | لاندکروزر ٤ چوار پستن | ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٦ | پیکاب دەبڵ قمارە | ( ٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار |
| ٧ | پیکاب تاك | ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٨ | لۆری | ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٩ | پاص | ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |

**دووەم :** سەرجەم خاڵ و بڕگەکانی تری بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە٢٦٤٠ لە ١٨/ ٣ / ٢٠١٣ جگە لە بڕگەی ( سێیەم )ی هەموارکراو بە پێی ئەم بڕیارە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری پێشووەوە .

**سێیەم:** گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بلاو دەکرێتەوە .

**عیماد احمد**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٣٣٠٦ لە ١٠ / ٤ / ٢٠١٣**

## فەرمان

ئاماژە بە بڕیاری (٦) لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٣/٢/١٠ و لە سەر پێشنیاری هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دارایی و ئابووری بە نووسراوەکانیان ژمارە (٤١٦٣) لە ٢٠١٢/٨/١ و (١٨٢١٠) لە ٢٠١١/٩/٢٢ بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بە پێی هەردوو بڕگەی ( یەکەم ) و ( دووەم ) لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٣) لە ٢٠١٢/١٠/٣ وە بە مەبەستی یەکخستنی رسوماتی ( العلامات و البیانات التجاریة )ی کار پێکراو لە هەرێم لەگەڵ ئەوەی لە حکومەتی ناوەندی پەیرەو دەکرێت .بڕیارماندا :-

١- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان رسومات وەردەگرێت لە سەر چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ( العلامات و البیانات التجاریة ) لە هەرێمی کوردستان بەپێی خشتەی هاوپێچی ئەم فەرمانە .

٢- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی رێژەی (١٠٪ ) لە سەدا دە لە رسوماتی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە خەرج دەکات بۆ داپۆشینی تێچووی بەڕێوەبردنی چالاکی پەیوەندیدار بە (العلامات و البیانات التجاریه) و رێژەی (٩٠٪ ) دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ خەزێنەی گشتی .

٣- ئەم فەرمانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

| الرسوم المقترحة بالدنيار للعلامات و البيانات التجارية العراقية | | |
|---|---|---|
| ١ | يستوفى عن كل طلب من طلبات التسجيل : أ. عن مادة واحدة | ( ٢٠٠٠٠٠ ) مئتا الف دينار |
| | ب. عن كل مادة اضافية لغاية (٣) ثلاث مواد | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| | ج. عن كل مادة اضافية اذا زادت على ( ٣ ) ثلاثة مواد | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار على أن لا يزيد الرسم الكلي على ( ٥٠٠٠٠٠ ) خمسمائة الف دينار |
| ٢ | أجور النشر | ( ٢٠٠٠٠٠ ) مئتا الف دينار |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | التسجيل النهائي : أ. عن مادة واحدة | ( ٢٥٠٠٠٠ ) مئتان و خمسون الف دينار |
| | ب. عن كل مادة اضافية لغاية ( ٣ ) ثلاث مواد | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| | ج. عن كل مادة اضافية اذا زادت على ( ٣ ) ثلاثة مواد | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار على أن لا يزيد الحد الاعلى للرسم على (٧٠٠٠٠٠) سبعمائة الف دينار |
| ٤ | التجديد : أ. عن مادة واحدة | ( ٢٥٠٠٠٠ ) مئتان و خمسون الف دينار |
| | ب. عن كل مادة اضافية لغاية ( ٣ ) ثلاث مواد | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| | ج. عن كل مادة اضافية اذا زادت على ( ٣ ) ثلاثة مواد | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار على أن لا يزيد الحد الاعلى للرسم على ( ٧٠٠٠٠٠ ) سبعمائة الف دينار |
| ٥ | غرامة تأخيرية عن تجديد العلامة من تاريخ استحقاقها ولغاية ( ٦ ) ستة اشهر | ( ٥٠ % ) خمسون من المئة من رسوم التجديد |
| ٦ | تحويل الملكية أو الدمج : أ. عن مادة واحدة | ( ٢٥٠٠٠٠ ) مئتان و خمسون الف دينار |
| | ب. عن كل مادة اضافية لغاية ( ٣ ) ثلاث مواد | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| | ج. عن كل مادة اضافية اذا زادت على ( ٣ ) ثلاثة مواد | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار على أن لا يزيد الحد الاعلى على ( ٧٠٠٠٠٠ ) سبعمائة الف دينار |
| ٧ | طلب تغيير اسم صاحب العلامة أو عنوانة | ( ٢٠٠٠٠٠ ) مئتا الف دينار |
| ٨ | الحجز والرهن للعلامة الواحدة | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار لكل مادة على ان لايزيد على ( ٢٠٠٠٠٠ )مئتين الف دينار |
| ٩ | تعديل العلامة | ( ٢٠٠٠٠ )عشرون الف دينار لكل مادة على ان لايزيد على ( ٣٠٠٠٠٠ )ثلاثمائة الف دينار |
| ١٠ | صور الشهادات | ( ٢٥٠٠٠ ) خمسة و عشرون الف دينار |
| ١١ | صور القرارات المتعلقة بقبول العلامة أو رفضها أو توثيقها أو كتب التأييد | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| ١٢ | فحص المسجل لكل مادة | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| ١٣ | كل جلسة يعقدها المسجل بطلب من أصحاب العلامة | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| ١٤ | اشعار الاعتراض عن كل طلب يعترض عليه | ( ٢٠٠٠٠ ) عشرون الف دينار |
| ١٥ | تقديم لائحة جوابيه ردا على اشعار الاعتراض او جوابه | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار |
| ١٦ | طلب الغاء تسجيل أو جزء منه لعلامة تجارية | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار |
| ١٧ | طلب تصحيح السجل أو شطب علامة منه | ( ١٠٠٠٠ ) عشرة الاف دينار |
| ١٨ | طلب لم يستوف عنه رسم سابق | ( ٥٠٠٠٠ ) خمسون الف دينار |
| ١٩ | طلب الترخيص | ( ٢٥٠٠٠٠ ) مئتان وخمسون الف دينار عند التقديم و ( ٢٥٠٠٠٠ ) مئتان وخمسون الف دينار عند الموافقة |
| ٢٠ | كتاب التأييد الموجه الي الهيئة العامة للكمارك | ( ٥٠٠٠٠ ) خمسون الف دينار |

**وەزارەتـــی نـاوخــۆ**

**ژمارە :**(٨٢٢١) لە ٢٠١٣/٤/٢١

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە مادده (٥) لە یاسای وەزارەتــی نــاوخۆ ژمــارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ و بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروباری موختارەکان لە گەڕەك و سنووری شــارەوانی و گونــدەکانی هەرێمی کوردستان و دووبارە کاراکردنی ڕۆلی موختارەکان بە شێوەیەکی شارستانی کەوا بگونجێـت لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان بۆ زیاتر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاوولاتیان لە سنووری کارەکانیان کە بازنەیەکە لە نێوان هاوولاتیان و یەکە کارگێڕییەکان و بەمەبەستی بــرەودان بە پەیوەندی و بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵگا و ڕێکخستنی کاروبارەکانی و پەیوەستی ئیداری و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

## ڕێنمایی ساڵی ٢٠١٣

## ڕێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان

**یەکەم :** مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییــە ڕێکخــستنی کاروبــاری موختارەکــانی گەرەکــەکان و گوندەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستانە و دیاری کردنی ماف و ئەرکەکانی موختار بەرامبەر بەو هاوولاتییانەی کە نیشتەجێی ئەم گەرەکە یان گوندەن کە موختارەکە کاری تیادا دەکات و بۆمەبەستی بوونی شەرعیەتی یاسایی بۆ ئەو مامەلانەی پێویستی بە پشتگیری موختار هەیە

**دووەم :**

١- بۆ هەر گەرەکێك لە سنووری شارەوانی و هەر گوندێك یەك موختار دەست نیشان دەکرێت

٢- هەڵبژاردنی موختار و ڕاسپاردنی بــۆ کارەکــەی لــە ڕێگــای پێــشکەش کردنــی داواکارییــەکی ڕاستەوخۆ و CV و بەپێ ی لێهاتوویی و مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە دەبێت بۆ پارێزگا یان یەکەی کارگێڕی سنووری کارەکەی و لە ڕێگــای لێژنەیــەکی تایبەتــەوە کــە پێکهێنرابێــت بــۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە و دامەزراندنی بە بڕیارێك لەلایەن پارێزگارەوە یان وەزیر .

٣- گوند هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە کەوا بریتییە لە کۆمەڵە ماڵێك کــە ژمــارەی دانیشتوانیان کەمتر نەبێت لە ( ١٥٠ ) کەس .. وە ئەگەر گوندێك ژمارەی دانیشتوانی کەمتر بوو ئەوا بە دوو گوند موختارێك دەستنیشان دەکرێت .

٤- گەڕەك : گەرەکی سنووری شارەوانییە .

## مەرجەکانی کاندیدکردن بۆ موختار

**سێیەم :**

١- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و لەدایك و باوکێکی عێراقی بێت و دانیشتووی ئەو (گەرەك) یان (گوند)ە بیَ کە تیایدا دەبێتە موختار.

٢- کەسێکی شیانی یاسایی ( اهیلة قانونیة ) هەبێت .

٣- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (٣٠) ساڵ وزیاتر نەبێت لە (٥٠) ساڵ لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندنی بە موختار .

٤- خاوەن خورەوشت و ناوبانگ وهەڵسوکەوتی بەرزو باش بێت .

٥- خێزاندار بێت و سەڵت نە بێت .

٦- فەرمانبەر و خانەنشینی کەرتی گشتی وتایبەتی نەبێت .

٧- هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی بەلایەنی کەم ناوەندی بێت بۆ گەرەکەکان و سەرەتایی بێت بۆ گوندەکان .

٨- هیچ کێشەیەکی تەندروستی و لەش لاری نەبێت بە پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆری پەسندکراو

٩- تاوانبار نەکرابێت بەتاوان یان کەتن (جناية او جنحة) وحوکم نەدرابێت .

١٠- لەسەردەمی رژێمی لەناوچوو بەشداری لەتاوانەکانی دژ بەگەلی کوردستانی نەکردبێت.

١١- ماوەی کارکردنەکەی بۆ(٤) ساڵ بێت و مافی نویَ کردنەوەی ماوەکەی هەیە بۆ یەك جار .

## ئەرکەکانی موختار

**چوارەم:**

١- جێبەجیَ کردنی ئەو ئەرکانەی کەوا بە موختار سپێردراوە لەیاسای (اصول المحاكمات الجزائية العراقية) ژمارە٢٣ی ساڵی ١٩٧١.

٢- پێویستە لەسەر موختار دوای راسپاردنی وەکو مختار ئامارێکی وردی دانیشتووانی گەڕەك یان گوند ئەنجام بدات و زانیارییەکان لەتۆمارێکدا هەڵبگرێت بەشێوەی نهێنی .

٣- ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەنددار لە .

أ-(هەر جموجۆڵ و کارێکی گوماناوی کە هەرەشە لە بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) بکات

ب- ( زێدەرۆیی لەسەر مولك و ماڵی گشتی ) وە کارە نایاسایی و نامۆکان وەکو ئەو کارانەی کەوا دوورن لە ڕەوشتی باش و رەوشتی گشتی .

ج- هەست پێکردن و هەبوون و بلاوبونەوەی نەخۆشییە ترسناك و گواستراوەكان و میكرۆبییەكانی ...هتد .

د- لەكاتی كۆچكردنی یەكجارەكی یان هاتنی یەكجارەكی هەر خێزانێكی نویێ بۆ گەرەك یان گوند .

هـ- لەكاتی نیشتەجێ بوونی هەر خێزانێكی ئاوارەی غەیرە عێراقی .

٤- رێكخستنی پشتگیری نیشتەجێبوون و بەڵگەنامە پێویستەكان و پەسندكردنی لە سنوری كارەكەی

٥- پێویستە مختار ئەم تۆمارانەی لەلا هەبێت :

أ- تۆماری دانیشتوانی سنووری كارەكەی بەژمارەی گەڕەك و كۆلان و خانووو كاری هەر ئەندامێكی هەر خێزانێك .

ب- تۆماری نیشتەجێبوونی نوێی خێزان لە سنوورەكەی و ئەو خێزانانەی كە لە لێوەی دەردەچن .

ج- تۆماری خێزانە بیانییەكان .

د- تۆماری لەدایك بووان و مردووان .

٦- پابەندبێت بە پاراستنی ئەخلاقیاتی پیشەكەی و دەست وەرنەدات لەلایەنی سیاسی دانیشتوان و پاراستنی نهێنییەكان كە لەكاتی پەیڕەوكردنی كارەكانی دەستی دەكەویت .

٧- هەر ئەركێكی تر كە لەیاسا كارپێكراوەكان بۆی دیاری كراوە یان هەر ئەركێك لەلایەن پارێزگاوە پێی دەسپێردرێت .

## مافەكانی موختار

**پێنجەم:**

١- خەرج كردنی دەرماڵیەك یان پاداشتێكی مانگانە بەبڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار لە بودجەی پارێزگا یان یەكەی كارگێری سنووری كارەكەی .

٢- رێكخستن و دروست كردنی مۆری تایبەت بە پەسندكردنی بەڵگەنامە یاساییەكان بۆ هەر موختارێك بەپێ ی نموونەیەك كە لەلایەن یەكەی كارگێری سنووری كارەكەی ئامادە بكرێت بە شێوەیەك كە نەتوانرێت ساختە یان لەبەر گرتنەوەی تیادا بكرێت .

٣- وەرگرتنی بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار بۆ كرێ ی مۆری پەسندكردنی بەڵگەنامەكان لەبەرامبەر كرینی قرتاسیە( بەرگوزار ) و فۆتۆكۆپی و ........هتد .

٤- راسپاردنی موختاری نزیكترین گەرەك یان گوند بەكاری موختار لە كاتی ئامادەنەبوونی موختاری رەسەن .

## كۆتایی هێنان بە كاری موختار

**شەشەم:**

١- كاتی تەواوبوونی ماوەی راسپاردنەكەی .

٢- مردنی یان نەخۆشكەوتنی كە بەهۆیەوە نەتوانێت كارەكانی جێبەجێ بكات بە پـێ ی راپـۆرتی پزیشكی .

٣- وازهێنانی بە ئارەزووی خۆی لە لەرێگای پێشكەش كردنی داواكارییـەك بـۆ یەكـەی كـارگێری سنووری كارەكەی .

٤- بەجێ هێشتنی كارەكەی بەبێ هیچ هۆیەك بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بەردەوام .

٥- پابەندكردنی بە وازهێنانی لە كارەكەی .

أ- مانەوەی لەكارەكەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت بەپێ ی لێكۆڵینەوە و دەلیلی پێویست.

ب- دەرچوونی حوكمێك بەرامبەری لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانێك .

**حەوتەم:**

١- لەسەر هەموو پارێزگاكان و ئیدارەكان و یەكە كارگێرییەكانە ئەم رێنماییە جێبەجێ بكەن.

٢- ئەم رێنماییە كاری پێدەكرێت لە رۆژی بلاْوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**كـریم سـنـجــاری**
**وەزیـری ناوخـۆ**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٦١٩٥ لە ٢٠١٣/٤/١٤**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١١)ی یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان لە هەرێمی کوردستان عێراق بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە کردنی جگەرە و توتن و بەرهەمەکانی**

١- پێویستە جگەرە و توتن و نەرگیلە هۆشداری تەندروستی لەسەر بێت بەم شێوەی خوارەوە :-
أ- ڕووبەری (٥٠٪) لە ڕووی گشتی پاکەتەکە بگرێتەوە .
ب- لە (٣٠٪) لە ڕووی پێشەوەی پاکەتەکە بگرێتەوە .
ج- ڕەنگی نووسین و قەبارەی هەمان نیشانەی بازرگانیەکەی بێت .
د- ئاگادارکردنەوە بەزمانی عەرەبی و کوردی بێت .

٢- مێژووی بەرهەم هێنان و کۆتایی هێنانی بەمانگ و ساڵ دیاری کرابێت .
٣- ناونیشانی وڵاتی بەرهەم هێنان دیاری کرابێت .
٤- ڕێژەی نیکۆتین و قەتران لەسەر ڕووی پاکەتەکە دیاری کرابێت بەگوێرەی ستاندەردی ڕێگە پێدراوی عیراقی یان WHO .
٥- پێویستە بازرگان پابەند بێت بە تایبەتمەندیەکانی ستاندەردی ڕێگە پێدراوی عیراقی
٦- ریکلام کردن بۆ جگەرە و بەرهەمەکانی بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە بەپێچەوانەوە دوچاری سزای یاسای دەبێتەوە.
٧- دەبێت بازرگان داواکاری پێشکەش بکات بەگوێرەی مەرجەکان بۆ ڕێگە پێدان کە ناوی ماددە و بڕەکەی وە هەروەها شوێنی هێنانی دیاری بکات .
٨- پێویستە وێنەیەك لەڕێنمایی و تایبەتمەندیەکانی عیراقی تایبەت بە هاوردەکردنی جگەرە و بەرهەمەکانی بدرێت بە بازرگانەکان لەلایەن دەزگا تەندروستیەکان .
٩- پێویستە بازرگان بەڵێننامە بدات لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پەیوەندار کە پابەند دەبێت بە مەرجەکان .
١٠- چوار دانە لە نموونەی پاکەتی جگەرە وەردەگیرێت دەنێردرێت بۆ تاقیگەی تەندروستی پەیوەندار.

١١- پێویستە ناونیشان و شوێن و تەلەفۆنی بازرگان وەربگرێت لەکاتی بوونی هەر کەم و کوریەك ئاگادار بکرێتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پەیوەندار .

١٢- بازرگان دوای ئەوەی کە بەڵێننامەی یاسایی دا کە هەموو مەرجەکانی تەندروستی جێ بەجێ دەکات وە پابەند دەبێت ئەو کات لاری نەبوون وەردەگرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی هێنانی ئەو بەرهەمەی کە دەیهێنێت بەو مەرجانەی کە دیاری کراوە .

١٣- ڕێنماییەکان لەسایتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی بڵاودەکرێتەوە.(www.moh-krg.org) .

١٤- ئەم ڕێنماییە دوای (٣) مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بە جێ دەکرێت .

**د.ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

**ژمارە : ( ٤٠٤٦ ) لە ٢٠١٣/٤/١٨**

پارێزگا : هەولێر
قەزا : شەقلاوە
ناحیە : هیران

**بڕیاری چەسپاندنی مافی زەوی و باخچەکان**
**بە پێی یاسای ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ٢٠٠٧**
**هەروەك لەنەخشەی كادسترۆ دیاری كراوە بەژمارە**
**( ٥٧/خۆشناو )**

ژمارەی کەرت : ٥٧
ناوی کەرت : فریز
پێوەر : ١ / ١٠٠٠٠ | ١ / ٥٠٠٠
ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیار : ٢٠١٠/١٢/٢٨

| ژمارەی پارچە و ناوبانگی | پۆلین | ئەوکەسانەی زەویان بۆ دەگەڕێتەوە (عائدیة) | سیفەت | ڕووبەر مەتر دووجا | ڕووبەر ئۆلك | ڕووبەر دۆنم | مافەکانی بە چاو بینراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧/ بەرمالان | خاوەندارێەتی دەوڵەت | وەزارەتی دارایی و مافی رەفتارکردن بۆ ئەم عیراقیانە (٢٠٢٥)بەش یاسین قادر عزیز(٣٨٥٠) بەش حویز محمد محمدقادر (٥٥٠)بەش صدیق عبداللە مام وسو ٦٤٢٥ کۆی گشتی | زەوی بەراوە | ٢٥ | ١٤ | ٢ | مافی ئاو خواردنەوەی هەیە لەسەر پارچەی (٢٠) وە تێپەربوونی جۆگە لەسەر پارچەی (٤٢٥) لەسەریەتی مافی هاتووچۆ بۆ پارچەی ( ١٧ ) |
| ٦/ بەرمالان | خاوەندارێەتی دەوڵەت | وەزارەتی دارایی و مافی رەفتارکردن بۆ ئەم عیراقیە ( یاسین قادر عزیز ) سەربەخۆ | زەوی بەراوە | ٧٥ | ٤ | -- | مافی ئاو خواردنەوەی هەیە لەسەر پارچەی (٢٠) وە تێپەربوونی جۆگە لەسەر پارچەی (١٣) وە هاتووچۆ لە سەر پارچەی (١٢) |
